# ئەم ماستە کندڕێکی تیایە؟؟؟

سەفین عومەر

ستاتۆی کۆنی وڵاتە سەردەستەکانی کوردستان، لەگەڵ دەسپێکردنی جێبەجێکردنی "سیستەمی نوێی جیهانی" بە سەرکێشی ئەمەریکا، کورد گووتەنی تری؟!!!!!

لە ئە نجامی ئەم یەکەدا خەباتی گەلەکەمان ڕووەو ئاقارێکی جیاواز لەهی پێشوو بۆوە و، ئەمڕۆ لە جێگای شتی پێشوو ڕوبەڕووی ئاواکردن و داڕێشتنی دەزگاکانی وەك: (ناوەندێکی"ستراتیژی، سیاسی، سەربازی، یاسی، ئابووری و دیبلۆماسی نەتەوەیی کردەوە")
.

لە لایەکی تر لە گەڵ باس و خواسی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی جیهاندا، زۆربەی زۆری هێز و وڵاتانی جیهانی کەوتنە خۆ و، هەڵسەنگاندنی تازەیان ئە نجامدا و گۆڕانکاریان ئە نجامدا و بەگوێرەی توانا هەوڵو کۆششەکان بۆ گونجاندنی تاکتیك و ستراتیژەکانیان لەگەڵ سیستەمی نوێی جیهانی ڕێکدەخەن. ستراتیژو تاکتیکەکانیشیان بەگوێرەی ئەم یەکە ئە نجام دەدەن. بەکوورتی و کۆکراوەیی قۆناخی داهاتوو واتە قۆناخی ستاتۆی تازە، کە لەسەر بنەمای سیستەمی نوێی جیهانی بەتایبەت بۆ کورد قۆناخێکی ژیانی زۆر گرنگە.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەرکی سەرەکی سەرشانی گەلی کورد بەسەرجەم پارچەکانییەوە و بەسەرجەم پارتییەکانییەوە و بەسەرجەم چین و توێژ و ئەتنیکە جیاوازەکانییەوە بە هەردوو ڕەگەزیەوە ئەوەیە، کە لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی پتەو سەرلەنوێ خۆی دابڕێژێ و خۆی نوێ بکاتەوە، تاوەکو بتوانێ بەرامبەر بە ستاتۆی داهاتوو لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی، هیچ نەبێ خاوەن سیاسەت و ئەقڵ و لۆژیك و هەتا دەزگای نەتەوەیی و حکومیی "دەوڵەتێکی ناو لێنەکرابێ".

لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە کە بەرژەوەندی هیچ کام لە حیزب و ڕێکخراو دامودەزگای سیاسی هیچ پارچەیەکی کوردستان نەکەوێتە ژوور بەرژەوەندی وەرچەرخانی دیموکراسی کۆمەڵگای کوردەواری و خەباتی ئاواکردنەوەی دام و دەزگای نەتەوەیی کورد!! وە لەهەمانکاتدا پێویستە لەدەور و بەری ستراتیژی هاوبەشیی کورد و ناوچەدا لێکدی کۆببینەوە و، هەوڵ و کۆششەکانیشمان لەسەر ئەم بنەمایە بێ تاوەکو بتوانین ناوچە ئارام بکەین بۆ ئەوەی تیایدا ماڵی داهاتووشمان ئارام بێ....

وەکوتر پێویستە کەم تا زۆر هەوڵ و کۆشش لەسەر بنەمای خۆ ئامادەکردن بێ کە بتوانین لە زووترین کات بە پشت بەستن بە هێزی خۆیی خۆمان و بە پشت بەستن بە هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەری خۆمان بگەین بە ئاستی پێویستی ووشیاری و سیاسی و ئابوری و ........ هیتر.

وەکوتر ئەم پەیوەندییە جیاجیایانەی کە لەئارادان و ئەمڕۆ بە مەبەستی یارمەتی دانی خەباتی گەلەکەمان گەرم و گوڕتر دەبن، پێویستە بەزووترین کات بگوازرێنەوە بۆ پەیوەندی دیبلۆماسی و لەسەر بنەمای بەفەرمی ناسینی ئیرادەی سیاسی گەلەکەمان پێ لەسەر ئەم خاڵەدا بگیرێ. .

پێویستە پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ هەرکەس و هێز و وڵاتێك لە وانە پێشبخەین، کە لایەنگری چارەسەری کێشەی کورد و هەرکێشەیەکی تر لەسەر بنەمای دادوەرییەکی ڕاست دەکەن. .

پێویستە بەهیچ جۆرێکیش گوێ لە قسەی بێ واتای وەك یارمەتی ئەمریکا بێ هۆ نییە، یان ئەم ماستە موویەکی تیایە نەخۆمان بخەڵەتێنین و نە ببین بە داردەستی ئیسلامییە فرییو دەرەکان یان کۆمۆنیستە سەرلێ شێواوەکان، چونکە ئەم زاتانە چاویان کرزە، ئەگەر نا خۆ هەرکەسێك دەی بینی، کە ئەم ماستە نەك موویەکی تیایە، بەڵکو کندڕێکی تیایە و ئەم کندڕەش لە هەر خێرو بێرێکی ئەم ئیسلامییە فرییودەر و کۆمۆنیستە خەڵەتێنەرانە باشترە بۆ کورد و خەباتەکەی.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.